# ئایدۆلۆژیا لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد)

**هاوکار جمیل محمد**[1]

[1] بەشی سیستەمی زانیاری کارگێری، کۆلێجی تەکنیکی شەقڵاوە، زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر، شاری هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: hawkar.mohammed@epu.edu.iq


## پوختە

ئامانجی سەرەکی لەم لێکۆڵینەوەیە، ئاشکرا کردنی لایەنە شاراوەکانی ناو دەقە بە میتۆدی شیکاری ڕەخنەیی، لەکاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان بنەماکانی پێشکەشکردنی ئایدۆلۆژیا دیارخەر دەبن، کە هەموویان بەشێک لە ئاماژە زمانیی و نازمانییەکانن کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی شاراوەیە، ئەم ئاماژانە توانای گۆڕینی مانا و لێکدانەوەکانیان هەیە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا، چەمکەکانی ئایدۆلۆژیا و کاریگەرییەکانی بەسەر کۆمەڵگە و سیاسەت و ئاین خراوەتەبەر شرۆڤەکردن و باسکردن، پاشان بوونی ئایدۆلۆژیا لە ڕۆمان و جیاوازی لەگەڵ ڕۆمانی ئایدۆلۆژی ڕوونکراوەتەوە. بەشێکی تری لێکۆڵینەوەکە تەرخانکراوە بۆ لایەنی پڕاکتیکیی و شرۆڤەکردنی ئاماژە زمانییەکان و دەقەکانی ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد)، ڕەفتارەکانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لەسەرەتای ژیانی، کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای باوی ناخی کۆمەڵگەکەیەتی تا کۆتایی ڕۆمانەکە.


**وشە کلیلیەکان:** ئایدۆلۆژیا، هزر، ئایدۆلۆژیای ڕۆمان، دەق.


## الملخص

الغرض الأساسي من هذه الدراسة هو الكشف عن الأشياء المخفية في النص عن طريق تحليل أسلوب النقد. أثناء سرد الأحداث، سيكشف هذا التحقيق عن مبادئ تقديم الأيديولوجيا، والتي تحمل كل أو جزء من إشارة اللغوية وغير اللغوي أيديولوجية مباشرة او مخفية بشكل غير مباشر، ويمكن لهذه العلامات أن تغير المعنى والتفسيرات.

هذا التحقيق لهُ مفاهيم أيديولوجية وآثاره على المجتمع والسياسة والدين. تَم تحليلها ومناقشتها. وبعد ذلكَ تَم شرح وجود الأيديولوجيا في الروايات والاختلافات مع الأيديولوجية الرواية. جزءِ آخر من الدراسة مُخصصة لممارسة وتحليل إشارات اللغات ونصوص رِواية عمي جمشيد خان التي تاخذهُ رِياحَ دائماً معها ، وسلوكيات بَطل الرواية وَفي بداية حياتهِ التي تَحمِل الأيديولوجية مفعولة الداخلية لمعظم مُجتمعه حتى نهاية الرواية.


**الكلمة المفتاحية:** إيديولوجيا، فكر، الايديولوجية الرواية، نص


| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٦ ژمارە ٣ساڵی(٢٠٢١) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن: ٢٠٢١/٤/١٩ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن: ٢٠٢١/٦/٧ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢١/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | hawkar.mohammed@epu.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢١ م.ی. هاوکار جمیل محمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**Abstract**

The main purpose of this study is to reveal the hidden aspects in the text through the method of critical analysis. This study will reveal the principles of presenting ideology while narrating the events, which will fully or partially involve the linguistic and non-linguistic signs, direct and indirect hidden ideology, and how these signs can change meanings and interpretations.

In this study, the concepts of ideology and their impacts on society, politics and religion are discussed. Afterwards, the presence of ideology in novels and the difference of ideological novels will be explained. Another part of the study is dedicated to practical aspects and analyzing the linguistic signs and texts of the novel “My uncle Jamshid Khan who always flew away in the wind)”; shedding light on the behavior of the protagonist of the novel from his early life while having a common ideology of his society until the end of the novel.

**Key words:** ideology, thought, ideological novel, text

## پێشەکی:

ئەم ڕۆمانە: دەقێکی ئەدەبییە. باس لە پیاوێکدەکات کە ڕۆژگاری پڕ نەهامەتیی بەسەرداهاتوون و بۆتە خاوەن جەستەیەکی لاواز، هەمیشە (با) لەگەڵ خۆی دەیبردە شار و وڵاتان، لەگەڵ هەر فڕینێکدا ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەکانی گۆڕانکاریان بەسەر دادێت. دواجار لە وڵاتی غەریبییدا دەگیرسێتەوە و ئۆقرە دەگرێت.

هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئایدۆلۆژیا بەشێکە لە واقیعی کۆمەڵگە، هەموومان لە ژیانی ئاسایی خۆمان بەریەکەوتنمان لەگەڵی هەیە، هۆکاری دووەم دەگەڕێتەوە بۆ خودی ڕۆمانەکە، کە پرسی ئایدۆلۆژیا زۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێت لەهەڵسوکەوتی کارەکتەرەکان و پرسەکانی ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە.

سنوری توێژینەوەکە: لەبارەی ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد)؛ باسی کۆتایی ساڵانی هەفتاکان دەکات تاکو دوای ئازادکردنی عێراق ساڵی ٢٠٠٣.

بابەتی توێژیەوەکە: باس لە ئایدۆلۆژیای پاڵەوان و خەڵک و سیستەمی سیاسیی وڵات دەکات، بەپێی ئەو ماوە زەمەنییەی کە ڕووداوی زۆر بەسەر میللەتدا هاتوون، هەموو ئەو ڕەهەندە ئایدۆلۆژیایانەی پەیڕەوکراون هیچ خزمەتیان بە کورد نەگەیاندووە، بگرە بۆتە مایەی گۆڕینی ژیان و گوزەرانی خەڵک بەرەو ناخۆشتر.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

لەسەر میتۆدی وەسفی شیکاریی، توێژینەوەکە ئەنجامدراوە، وەسفی ئایدۆلۆژیا لە ڕۆماندا دەکات و دەقەکانی شیکار دەکات.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

دەستنیشانکردنی جۆرەکانی ئایدۆلۆژیا لەم ڕۆمانەدا وەک ڕەهەندەکانی(سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئایینی) دەکات، هەروەها ڕۆماننووس چۆن ئایدۆلۆژیای مەزراندووە بۆ نوسینەوەی ڕۆمانەکەی.

## پلانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم دابەشکراوەتە سەر(چوار)تەوەر، تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی ئایدۆلۆژیا، تەوەری دووەم: ئایدۆلۆژیا لە ڕۆماندا، تەوەری سێیەم: ڕۆمانی ئایدۆلۆژی، تەوەری چوارەم: ئایدۆلۆژیای دەق. بەشی دووەم پڕاکتیکییە و کۆکراوەتەوە بۆ سەر (دوو)تەوەر کە ڕەنگدانەوەی بەشی یەکەمە تیۆریەکەیە تەوەری یەکەم: ئایدۆلۆژیای کارەکتەرەکان، تەوەری دووەم: ئایدۆلۆژیای دەق، هەموو ئەو بابەتانەی لە بەشی یەکەم باسکراون؛ لە بەشی دووەمدا بە پڕاکتیک ڕوونکراوەتەوە، لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکە بە خاڵ خراوەتە ڕوو

## بەشی یەکەم:

## تەوەری یەکەم: چەمک و زاراوەی ئایدۆلۆژیا:

ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک بیرو بڕوایە، کە کاریگەری هەیە لەسەر تێڕوانین بۆ جیهان. بۆ ڕاڤەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان هەوڵدەدات، لە واقیعدا ئەو بیروباوەڕ و ئایدیایانە هەستپێکراون لە ژیانی ڕۆژانە، ئەگەر لە ڕاستییشدا هەڵەیشبن ئەوا بە ڕاستی دەزانرێت، چونکە باوەڕپێکراوە لەلایەن ئەوانەی باوەڕیان پێهێناوە. ئامرازی هۆشیاریی گەلان کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ئایدۆلۆژیا و جۆری بیکردنەوەی کۆمەڵگەکان. هۆشیاری و بە ئاگایی کۆمەڵگە شێوە و جۆری ڕووبەڕووبوونەوەکان دەگۆڕن، شۆڕشەکانیان لەم پێناوەدا شێوەی جیاواز وەردەگرن.

ئایدۆلۆژیا لە ڕووی زمانییەوە: بریتییە لە زانستی بیرەکان(هزرەکان)، کۆمەڵێک قەتیسیانکردووە، هەموو کۆمەڵەکان ئایدۆلۆژین، لەم ڕوانگەیەوە گوزارشت لە بۆچوونی جەمسەرەکانیان دەکەن، «ئایدۆلۆژیا زانستی هزرەکانە، یان زانستی بارە هەستییەکانە» «نادیة: ٢٠٠٦: ١٩»، ئایدۆلۆژیا بە پێی زۆرێك لە فەرهەنگی میللەتان، بریتییە لە هزری تاک و کۆمەڵ لە سەردەمە جیاوازەکاندا. ئایدۆلۆژیا بۆ زۆر ئاراستە بەکاردێت، وەک: ئایدۆلۆژی کراوە، ئایدۆلۆژی داخراو، ئایدۆلۆژی سەرمایەداری، ئایدۆلۆژی بەکاربەر.

«ئایدۆلۆژیا سیستەمێکی هزرییە، یان پێکهاتووە لە کۆمەڵێک هزر، کە کۆمەڵێک خەڵک بەکاری دەهێنن، لەم ڕوانگەیەوە سەیری جیهان و ڕاڤەی دەرهاویشتەکانی دەکەن، بەم هزرە وێنەی شێوازی بەرەنگاربوونەوەی ژیان دەکێشن» «عنكوش: ٢٠١٦: ٦»، ئایدۆلۆژیا ئەنجامی بیرکردنەوە و وێناکردنی تێگەیشتنی خەڵکە، لە نێوانیاندا مامەڵەی ماددی، ئەمەش زمانی ژیانی واقعییە و مرۆڤ بەرهەم هێنەریەتی، وێنەی سیمای داهاتووەکان و خەڵکی یەکهەڵوێست کۆدەکاتەوە بۆ وەرگرتنی مافی چینێک، دواتر ئیشکردن بۆ دابینکردنی مافە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ ئەوەی دووچاری شکان نەبنەوە بە ئاسانی.

ئایدۆلۆژیا بەڕای لینین «کۆمەڵێک شێوە زانیاری و گریمانەیە، کە چینێکی دیاریکراو بەرهەمی دەهێنێ بۆ گوزارشت کردن لە بەرژەوەندیەکانی، ئەوانیش دووجۆرن: ئایدیای بۆرژوازی، کە ئایدۆلۆژیایەکی نازانستییە، ئایدۆلۆژیای پرۆلیتاری کە ئایدۆلۆژیایەکی زانستییە» «السديس: ١٤٢٠: ٥»، لینین پێی وایە ئەو ئایدۆلۆژیایانەی بۆرژوا بەرهەمی دێنن نازانستییە، ئەوەی پرۆلیتاریا زانستی و دروستەکەیە، چونکە بۆرژوازەکان ئایدۆلۆژیاکانیان تەنیا بۆ خزمەتی چینێکی بەرژەوەندیخوازی دیاریکراوە، بەڵام هی پرۆلیتارەکان خزمەت بە تەواوی کۆمەڵگە دەکا.

(دورکهایم) پێی وایە ئایدۆلۆژیا ناسنامەی کۆمەڵێک دەپارێزێت، ململانێی بەرژەوەندی هزری و کۆمەڵایەتیی و چینایەتییە، هەر بۆیە ئایدۆلۆژیا وێناکردنی چینێکە، یان کۆمەڵێکە کە ماوەیەکی زەمەنی کۆمەڵگە دەبەستێتەوە بە هزرەکانیان و دەڵێت: «ئایدۆلۆژیا شیکردنەوەو گفتوگۆی سەرهزرەکانە، تەنیا لەسەر کاروباری واقیعی جێبەجێنابێت... پێشکەوتنی بەکارهێنانی وشەی ئایدۆلۆژیا لەسەر تێگەیشتنەکانی (مارکس) کورتکراوەتەوە لەسەر ڕەهەندی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی» «السديس: ١٩٩٨: ٣»، دورکهایم پێی وایە ئایدۆلۆژیا لە واقیعدا ناگونجێ و ڕەخنەش لە مارکس دەگرێ، کە ئایدۆلۆژیای بەستۆتەوە بە ڕەهەندی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی.

ئەوەی زۆرترین قسەی لەسەر ئایدۆلۆژیا کردبێ، (کارل مارکس)ە، پێی وایە زانیارییە و رێککاری کۆمەڵگەیە و سیستەمەکانی ژیانی کۆمەڵگە رێکدەخات، پێی وایە زانستی سرووشتی ورد و پەسەند، دەرفەت ناداتە هیچ شتێک کاری لێبکات، وەک شێواندنی بە ئایدۆلۆژیا، چونکە خودی زانست ناوەرۆکەکەی زانستە، ناکرێت ببەسترێتەوە بە ژینگەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و شارستانییەت، ئایدۆلۆژیا بە زانستی رووت نابەسترێتەوە و «هەر فەلسەفەیەک، یان ئایدۆلۆژیایەک، یان تەوژمێکی هزری، ئەگەر لە رەگی شارستانییەتی خۆی بیگوازیتەوە بۆ شارستانییەتێکی جوداتر، ئەمە وا دەکات گۆڕانکاریی لە تەوژمی هزری و شارستانییەتە نوێیەکە دروستببێت» «الحمد: ١٩٩٢: ١٣»، هەر میللەتێک بەرنامە و هزر و سیستەمەکانی ژیانیان بە گوێرەی پێویست و گونجانی کۆمەڵگەکانیان بەکاردێنن، ئەوەی بۆیان گونجاوە ئەوە دەخەنە بەرنامەی کار، بۆ چاکترکردنی دۆخی ناتەندروستیی کۆمەڵگە، (مارکس) پێی وایە ئایدۆلۆژیا وەهمییە، لەبەر ئەوەی بۆ پیشاندانی پێشکەوتنی راستەقینە پشت نابەستێت بە مێژوو ، هەر بۆیە روو دەکاتە هەڵگری بیری بەرهەڵستکارەکان و دەڵێت: «ئەندێشە راڤە دەکەن بە خۆشویستنی زاڵبوون و لاسایی پەروەردەیەک دەکەنەوەکە ماوەکەی بەسەرچووە ئێوە مێژووی راستەقینە رەتدەکەنەوە، گوێچکەکانتان پڕ دەکەن لە ئەندێشە و بەرهەڵستی راستەقینە دەکەن، ئەو هزرەتان ئایدۆلۆژی نا زانستییە» «السعید: ٢٠١٣: ١٤٠».

(جۆرج لۆکاچ) لە کتێبی ململانێی چینەکان دژی بۆرژوازیەت نووسینەکانی نووسیووە، کە چینی دەسترۆیشتوو پێی وایە ئەمە چەوسانەوەییە لە نێو کۆمەڵگەدا «پرۆسەی پسپۆڕانەی کار، هەر چەشنە رووخسارێکی بۆرژوازی دەسڕێتەوە، لەبەر ئەوەی پێچەوانەی ئەم پرۆسەیە ناتوانین نیازی بۆرژوازی بسڕینەوە، لانیکەم لە رووی مەعریفیەوە بەرانبەر بەگەشەی پسپۆڕی راستییەکان تێکدەشکێنێ» «لۆکاچ: ج: ٢٠٠٧: ٢٦١»، بە پێی ئەم بۆچوونەبێت بۆرژوازیەت حەز بە پەیدابوونی پسپۆڕی و دەستی کارو بازرگانی و کاسبی لە چینی خوارەوە ناکات، پێی وایە هەموو دەسەڵاتێک دەبێت بە دەستی چینی دەسەڵاتی سەرمایەدار و ئابووریەوە بێت، پیاوانی زانست و کاریش لە چینی خۆیان بن، ئەم رایەش دژایەتیی چینەکان دەخاتە بەر باس، (پول ریکۆر) دژایەتیی (مارکسی)دەکرد لەو ئایدۆلۆژیایەی مارکس پێی وابوو نازانستییە، (پول ریکۆر) بە زانستی داناوە و دەڵێت: «پەیوەندیی لە نێوان زانست و ئایدۆلۆژیا دا هەیە، هیچ دژایەتییەک نییە لە نێوانی زانست و ئایدۆلۆژیا، ئابووری کاریگەریی لە سەر بیرکردنەوەو بونیاتی چینی سەرەوە هەیە، بوونی تاکی واقیعی و بوونی هێزی مرۆیی، کاریگەری دروستتدەکەن» «ریکۆر: ٢٠٠٢: ١٢»، ئەمەش رێک دژی (مارکس) و جۆرج (لۆکاچە)، کە دەڵێن تاک لە چینی خوارەوە کاریگەر نییە بەسەر کۆمەڵگەوە.

هەر بیرمەندێک بە جۆرێک لێکدانەوەی بۆ ئایدۆلۆژیا و بیرەکانی کردووە، بە شێوەی جیاواز سەیری ئایدۆلۆژیایان کردووە:

«هێگڵ و رۆمانسییەکان: ئایدۆلۆژیا لە مێژووەوە سەرچاوەی گرتووە، پلانێکی بە ئاگایە بە شێوەی خۆی، قوتابییەکانیان داگیرکردنیان رەتدەکردەوە».«العروي: ٢٠١٢: ٣٤».

مارکس: ئایدۆلۆژیا بەرهەمی کۆمەڵگەیە، رێکخەرێکی هزرییە. بیرمەند بە (٣) جۆر وێنای ئایدۆلۆژیای کردووە:

پێی وایە «ئایدۆلۆژیا وێناکردنی ئایینی و فەلسەفیی و یاساییە لەناو کۆمەڵگەدا.

ئایدۆلۆژیا بیری ئەو چینە دەسترۆیشتوانەیە، کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیان یەکانگیرە.

ئایدۆلۆژیا لەگەڵ واقیعدا وەکو یەکنین، لەبەر ئەوەی واقیعی کۆمەڵگە و زانست بزردەکەن» «السمالوطي: ٢٠١٤: ٣٠».

دورکهایم : ئایدۆلۆژیا لە واقیع جێبەجێناکرێت، گفتوگۆی هزرەکانە. « ئایدۆلۆژیا تەنیا شیکردنەوەی بیرەکانە ناکرێت بیخەیتە سەر واقیع» ( السدیس: ١٩٩٨: ي)

لینین: «ئایدۆلۆژیای پرۆلیتاری ئایدۆلۆژیای زانستییە، بەڵام ئایدۆلۆژیای بۆرژوازی نازانستیە» «السدیس: ١٩٩٨: ن»، کە (جۆرج لۆکاتچ) یش هەمان بیرکردنەوەی هەیە، ئایدۆلۆژیا بە بەئاگایی چین دادەنێت، ئەم چینەیش کاریگەری لەسەر ئابووریی دەبێت.

(کارل مانهایم) هەر خۆی باوەڕی بەوە نەبوو، کە ئایدۆلۆژییەکان لە پراکتیزەکردندا هەمان شتی پێشبینیکراوبن، ناکرێت بۆ سەردەمی جیاو میللەتی جیا هەمان کەرەستە کۆمەڵگەی جیاوازی بۆ بەکار بهێنن، چونکە «ئایدۆلۆژیا کۆمەڵێک فیکرن لەسەر بارودۆخ درووستبوون، بە هیچ شێوەیەک سەرکەوتن ناهێنێ لە واقیعدا بۆگەیشت بە کرۆکی یان هەموو ئامانجەکان» «مانهایم: ١٩٨٠: ٢٤٩»، هەر بۆیە پێی وایە

هەر ڕەفتارێک مەحکوم کرابێ بە ئایدۆلۆژیا شکست دەهێنێ بۆ گەیشتن بە تەواوی داخوازیەکانی.

ئەوەی پێویستە لە کۆی هەموو ئەو تەوژمە بیرکردنەوانەی کە بیرمەندان باسیانکرد؛ دەگەینە پێناسەیەک و ڕایەکی گشتگیر ئەویش: لە هەموو سەردەمە جیاوازەکانی مێژوودا، جۆرێک لە ڕێکخەری بیری پەیدابوون گوزارشت لەسەردەمی خۆیان دەکەن، ڕێبازو دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی لەسەر بونیادنراوە، هەندێکیان ماوەی مێژوویی زۆری خایاندووە هەندێک ماوەی کەم. ئایدۆلۆژیا بۆ کۆمەڵگە مایەی سەر ئێشە و ماڵوێرانییە باجیدەوێت و کۆمەڵگەیەکی پڕ ئاڵۆزی ململانێ دروستدەکات.

## بەشی یەکەم:

### تەوەری دووەم: ئایدۆلۆژیا لە ڕۆماندا:

مرۆڤ کاریگەریی ژینگەی دەرەکی لەسەرە، لەبەر ئەوەی لە ناو کۆمەڵگە دەژێت، ئەو ئەدەبەی کە بەرهەمی دەهێنێت، کەرستەی کۆمەڵگەکەن، لەبەر ئەوەی«ڕۆمان قاپێکە هزرەکانی تێدەکرێت و حەز و هەستەکانی مرۆڤ و ململانێ لەگەڵ واقیع و دەوروبەری باس دەکات» «جلالیة: ٢٠١٢: ٢١» لە ڕۆماندا کۆمەڵێک لە کێشەکانی کۆمەڵگە و ئاین و سیاسەت و بیرەکان...، کە ڕۆڵیان هەیە لە ژیانی خەڵکیدا و گرنگن، ڕۆمان دێت دەیخاتە ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەی.

ئەگەر لە ڕۆماندا جەدەلییەتی زۆر و زاڵنەبوو بەسەر واقیع، کێشەی زۆر لە ناو کۆمەڵگەدا وایکرد ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی بخزێنێتە ناو ئەو کێشمەکێشمە، لە ململانێی هزری و ئایدۆلۆژی، کە جاران هەموو کێشەکان و ململانێیەکان لە پێناو دەق دەنووسران، بەڵام لە سەردەمی سەدەی بیست و تا بە ئێستاش دەگات، دەقەکان لە پێناو ئایدۆلۆژیا دەنووسرێن. سەرەڕای هەبوونی هونەری لە نووسیندا، بە شێوەیەکی ڕێژەیی بە بەراورد بە ئایدۆلۆژیا کەمتر دەردەکەوێ، لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە ڕۆماننووس لەم جۆرە ڕۆمانەدا ئایدۆلۆژیا بخاتە خزمەتی دەق.

لە سەردەمێک ئایدۆلۆژیا بە چڕی هەوڵی چەسپاندی خۆیدەدا، وەک شەپۆلێک لە زۆر کۆمەڵگەدا خزایە ناو کایەکانی ژیانیان، بێگومان هەوڵی زۆر درا لە ڕێگەی ئەدەب بە کۆمەڵگە بناسێنرێت، لەو سۆنگەیەوە کە ئەدەب ڕەنگدانەوەی ئاین و کلتور و زمانحاڵی کۆمەڵگەیە، ئەمەش چاکترین دەرفەتە بۆ ناساندنی هەر ئایدۆلۆژیایەک بە تایبەتی ئایدۆلۆژیای سیاسیی بۆ مەبەستی هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگە، ئەو هێرشەی ئایدۆلۆژیا دەیکات بۆ ئەوەی ڕێگەیەکی تر پیشانبدات، ناکرێت بە هەمان شێوازی پێشوو، یان ئەوەی لە واقیعدا هەیە مامەڵە بکرێت، هەمیشە نەخێرێک دەگەینێتە گوێی تاکەکان، کە ژیان جۆرێکیترە، «بەهایەکی تایبەت بۆ ڕۆمان ئەوەیە کە لەسەر مرۆڤ بنووسرێ، لەسەر چۆنییەتی ناسینی دەوروبەر و خودی خۆی و خۆشویستن و ئاڵۆزی» «لحمیدانی: ١٩٩٠: ٤٢»، لێرەدا ئایدۆلۆژیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شاراوە دەبێت، بەڵام کاتێک شیکردنەوە بۆ دەقەکان دەکرێت دیارخەردەبێ، کاتێکیش بە ئایدۆلۆژیای دیاریکراو ڕۆمانەکە دەستپێبکات، ئەوا ڕۆمان دەخرێتە خزمەت ئایدۆلۆژیا، کاتێک ئەدەب بە گشتیی و ڕۆمان بە تایبەتی خزمەتی مرۆڤایەتیی نەکات، ئەوا ڕۆمان ڕەسەنایەتیی و چوارچێوە گشتیەکەی لە دەستدەدات کە داهێنان و هونەریە، ڕۆماننووس پێویستە جوانی دەق و ماناکانی بە ئەنجام بگەیێ. بێلایەنیی نووسەری ڕۆمان لە پێشکەشکردنی کۆمەڵێک ئایدۆلۆژی و دەرخستنیان بە شێوەیەکی یەکسان، بێ ئەوەی هیچیان زاڵتربێ لەسەر ئەوەی دیکە، بۆ هەر ئایدۆلۆژیایەک لاوازی و بە هێزی پیشانبدرێت، لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا خوێنەر دەتوانێت دەستنیشانی ئایدۆلۆژیا براوەکە بکات« ئەو هەڵوێستە بابەتیە نوێیە بۆ ڕۆماننووس، کە دەرفەت دەداتە کارەکتەراکان گوزارشت لە بۆچوونەکانیان بکەن» «لحمیدانی: ١٩٩٠: ٤١»، ڕۆماننووس لەسەر زمانی کارەکتەرەکان ڕووداوەکان بەرەو ئاڵۆزی دەبات، هەر ئەوانیشن دەبنە چەقی ململانێکان لەگەڵ ئایدۆلۆژیای پێچەوانەیی، لەبەر ئەوەی «ڕۆمان بریتییە لە کۆمەڵێک ئایدۆلۆژی بەرهەڵستکاری لەگەڵ یەکتر، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بە ئایدۆلۆژیای نووسەر، یان بە ئایدۆلۆژیای ڕاستەوخۆی نووسەر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت» «بوالسیلو: ٢٠١٤: ٩٠»، ڕۆماننووس هەموو ئایدۆلۆژیاکان پیشاندەدات، بۆ ئەوەی قسەیەکی پێچەوانەیی بکات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

ڕۆمان بارگاویکراوە بە ئایدۆلۆژیای جیاواز، چونکە «هەموو کەسایەتییەک و هەموو دەستەیەک لە ڕۆماندا هەڵگری دەنگی تایبەت و زمانی تایبەت و لایەنگیری ئایدۆلۆژیای تایبەتە»«تقار: ٢٠١٨: ١٣»، ڕۆماننووس لەم بارەدا دەبێ ئاڵۆزی دروستبکات، لەو ململانێیەی کە کارەکتەر و دەستە و تاقمەکان بەرپایانکردووە، ڕۆماننووس بەگشتی ئەنجامی ململانێیەکان لێکدەداتەوە، ئەگەر بێتو ئەو لێکدانەوە لەسەر ئاستی شرۆڤەکردنی ڕەفتارەکانی تاکە کارەکتەرێک بێت، یان تاقمێک بێت، ئەوا هەڵوێستی ڕۆماننووس ئاشکرا دەبێت، هەر کاتێکیش هەڵوێستی ڕۆماننووس ئاشکرا بوو، ئەوا ڕاستەوخۆ ئایدۆلۆژیا دیارخەردەبێ، بە ئاسانی و بێ ماندوبوون خوێنەری دەقەکانی ڕۆمان دەگەنە ئایدۆلۆژیای نووسەر، بەمەش دەگوترێ ئایدۆلۆژیای ڕۆمان نەک ڕۆمانی ئایدۆلۆژی.

## بەشی یەکەم:

## تەوەری سێیەم: ڕۆمانی ئایدۆلۆژی

لەم جۆرە ڕۆمانەدا ڕۆماننووس لە گۆشەی بیرکردنەوەی خۆی دەڕوانێتە جیهانی دەوروبەر، هەموو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەخاتە خزمەت ئەو ئایدۆلۆژیایەی، کە پێی وایە کێشەکان لێرەوە دەستپێدەکەن و گەشەدەکەن.

ئایدۆلۆژیای ئاین و سیاسەت، بەشێکن لەو باوەڕانەی، کە دەبێت دەستی پێوە بگیرێ و جیهانی تاک و گشتی پێوە دەپێورێ. لێرەدا ئەم ئایدۆلۆژیا لەم جۆرە ڕۆمانانەدا بەندە بە باسکردنی ئایدۆلۆژیا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ.

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی ئایدۆلۆژیدا، سیاسەت پێشکەشدەکات و لە ڕوانگەی بۆچوونی تایبەتی خۆیدا دەڕوانێتە سیستەمی وڵات و حزب و ڕێکخراو دا، ئەو بابەت و تەوەرانەی باسیدەکات خزمەت بە سیاسەت دەکەن. ڕۆمانی سیاسی (politicalnovel) «بابەتی سیاسی و دۆخی سیاسی لە خۆدەگرێت، بە شێوەیەکی ئاشکرا یان ئاماژەیی، مەرج نییە ڕۆمانی سیاسی پەیوەستبێت بە حزبی سیاسی، بەڵام خاوەن ئایدۆلۆژیایە» «وادي: ٢٠٠٢: ٢». ڕۆماننووس لەم جۆرە ڕۆمانەدا دەبێت لەوە تێبگات کە بەرهەمەکەی ئەدەبییە، ئەگەر بابەتی سیاسی پێشکەشبکات خوێنەر هەڵوێستی دەبێت، دەکرێت لەم جۆرەیان بە شێوەیەکی هونەری باش تێڕوانینی سیاسی خۆی پێشکەشبکات، لەگەڵ کۆمەڵگە و چینی خوێنەر باوەڕپێکەرێن.

ئایدۆلۆژیا لەم ڕۆمانانەدا زیاتر گوزارشت لە ویست و حەز دەکات، نەک لە واقیع، لەبەر ئەوەی کۆمەڵێک هەن بەرهەڵستیی بۆچوونەکانی دەکەن لەگەڵی نین «ئەدەبێک گوزارشت لە بیرەکان بکات ئەوا بەرهەمی ئایدۆلۆژیایە، بەڵام ئەدەبێک کار بۆ ڕێکخستن و مەزراندنی ئایدۆلۆژیا بکات و بەشێوەیەکی جیاواز پێشکەشبکات ئەوە ئایدۆلۆژیایە وەک مەزراندن» «بلحسن: ١٩٨٥: ١٦٧».

ڕۆمانی ئایدۆلۆژی قۆناغی مێژوویی وەردەگرێت و باس لە چینێکی دەسەڵاتدار دەکات، کە بیرکردنەوەکانیان بۆتە هۆی ئەوەی وڵات بەڕێوەببەن و دەستیان بەسەر دەوڵەت داگرتووە دەگەڕێتەوە بۆ ئایدۆلۆژیا، کە هۆکاری سەرکەوتن و بیرکردنەوەکانە. ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتدار نموونەیە بۆ سەرکەوتن.

جیاوازی لە نێوانی ڕۆمانی ئایدۆلۆژی و ئایدۆلۆژیا لە ناو ڕۆماندا:

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی ئایدۆلۆژییدا دونیابینیی بەرتەسکە، کەچی لە ئایدۆلۆژیای ڕۆماندا دونیابینیی گشتگیرە، ناپەرژێتەسەر شرۆڤەی ڕووداوی کەسایەتییەکان و ڕەفتاریان، «ناکرێت ئایدۆلۆژیای ڕۆماننووس لەگەڵ ئایدۆلۆژیای گشتیی تێکەڵ بکرێت، ناکرێت ئایدۆلۆژی ڕۆماننووس لەگەڵ ئایدۆلۆژیای دەق هاوشان بکرێت، چونکە ئایدۆلۆژی دەق بریتیی نییە لە ئایدۆلۆژی ڕۆماننووس» «جابر: ٢٠١٧: ٧٦٣».

ڕۆمانی ئایدۆلۆژی بەستراوەتەوە بە ململانێی کاراکتەرەکان، ڕۆماننووس قسە لەسەر ڕەفتار و گوفتاریان دەکات، چونکە «هەموو کاراکتەرێک لە ڕۆمان، زمانی تایبەتیی خۆی هەیە، کە گوزارشت لە ئایدۆلۆژیای تایبەتیی خۆیدەکات» «لحمیداني: ١٩٩٠: ٣٣»، بەڵام ئایدۆلۆژیای ڕۆمان گوزارشت لە وێنای نووسەر دەکات لە ململانێ کردنی کاراکتەرەکان، لە «کاتێکدا ململانێی نێوان ئایدۆلۆژیاکان لە ناو ڕۆمان تەواو

دەبێ، ئەوا جیهانی ئایدۆلۆژیای ڕۆماننووس بەدەردەکەوێ» «بوالسیلو: ٢٠١٤: ٩٠»، دوای ململانێیەکان، ڕۆماننووس بە نهێنی لە نێو ئایدۆلۆژیاکان دەجولێت، ڕۆماننووس لەبارەی دروستکردنی ململانێوە لە ڕۆماندا، مەبەستی جێگیرکردنی فەلسەفەیەکی نوێتری هزری نییە، یان دۆخی ئایدۆلۆژی تازە دروستبکات، بەڵکو لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی خەڵکەکە باس لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان دەکات.

ڕۆمانی ئایدۆلۆژی پێکهاتەی شارستانی و ئەدەبیی و هونەری لە تاک وەردەگرێ، هەر بۆیە کەسایەتییەکان ڕۆڵی گەورە دەگێڕن، ئەگەر ئایدۆلۆژیای ڕۆمانی «پێکهاتە و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگە وەربگرێ، ئەوا ناڕاستەوخۆ ئایدۆلۆژیای کۆمەڵی وەرگرتووە...کۆمەڵ ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ لە کرداری داهێنانی هونەری» «جابر: ٢٠١٧: ٧٦٥»، لێرەدا ڕۆماننووس گۆشە نیگای پیشاندانی ژیانی کۆمەڵگە، بە خێرو شەڕیەوە، بە خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوەوە، پیشاندانی ماوەی مێژوویی ژیانی کۆمەڵگەیە.

## بەشی یەکەم:

## تەوەری چوارەم: ئایدۆلۆژیای دەق:

کاتێک نووسین هەوڵدەدات ئیش و کارەکانی ئەنجام بپێکێت، یەکسەر نیشانە دەخاتە سەر ڕەخنەی دەق، هەوڵدەدات دەستنیشانی هزر بکات لە دەقدا، لە جوڵەی مێژوو یان ئاشکراکردنی ئایدۆلۆژیا لە دەقدا، بەم ئاشکراکردنە ماناکانی دەق شیدەکاتەوە، کاریگەریی دەق لەسەر خوێنەر و بە پێچەوانەشەوە یاریەکە لە نێوان هەردوکیان، کە ڕۆڵی ئاوێنە دەگێڕی بە زەحمەت ئەم کاریگەریە دەدۆزیەوە، کە کامەیان کاریگەری لەوەی تر کردووە، بۆیە هەردووکیان ڕەنگدانەوەی یەکترن.

(میخایل باختین) پێی وایە هەموو دەقێک، ئایدۆلۆژیایەک بووەتە هۆی دروستبوونی« وشە لە ڕۆماندا هەڵگری ئایدۆلۆژیایە هەرچەندە بێ تاوانیشبێ» «باختین: ١٩٨٨: ٣٣»، ئەم نووسەرە پێی وایە دەقەکانی ڕۆمان هەڵگری جۆرێک لە ئایدۆلۆژیان «ئایدۆلۆژیا مادەیەکە دەق بونیاد دەنێت، بەردی بناغەی بونیادی دەقە» «لحمیدانی : ١٩٩٠: ٢٣»، دەق بەر لەوەی دروستبێت، ئایدۆلۆژیایەک ئامادەیی هەبووە لە داڕشتنی، ئەمە ڕوانینی کۆمۆنیستەکانە، ئەگەر ڕۆماننووس لە باسکردنی ئایدۆلۆژیاکاندا لە ناو دەقدا بە گۆشە نیگای گشتگیر بێلایەنیی ڕۆماننووس دیاردەخات، بۆیە ئەرکی ڕۆماننووس لە ڕیزکردنی وشە جیاوازە لە ڕیزکردنی وشە و پیشاندانی هزرێک لە هەر توخمێکی تر، چونکە «وشە لە ڕۆماندا جیاوازە لە وشە لە شیعر، لە ڕۆماندا هەڵگری ئایدۆلۆژیای خۆیەتی، ئەگەر هاتوو بێ لایەنی سەلمێنرابێ» «باختین: ١٩٨٨: ٣٣».

ناکرێت دەقی ڕۆمان خاڵیبێ لە ئایدۆلۆژیا، بەڵام ئایدۆلۆژیای بێ لایەنگیری ئاشکرا، پێویستە دووپاتبکرێتەوە، هەر بۆیە (لینین) ڕەخنە لە دەقەکانی (تۆلستۆی)ی دەگرێت و پێی دەڵێت: «دەقەکانت لە لایەک هەڵقوڵاوی بیری بۆرژوازیە و لە لایەکی دیکە هەڵقوڵاوی بیری پرۆلیتاریە، هەردوکیشیان لە دەقەکاندا هەبوون، بەڵام هەڵوێستی نووسەر، نە لایەنگیری پرۆلیتاری بوو نە لایەنگیری بۆرژوازی بوو، بەڵکو نووسەری گوندیی بوو» (لحمیدانی: ١٩٩٠: ٢٦»، زۆر جار وا لێکدەدرێتەوە دەنگی نووسەر لە دەقەکانی ڕۆماندا بە ئاشکرا دەبیسترێ، بەڵام نووسەر زۆر جار نمایشی ئایدۆلۆژیاکاندەکات و بەریان دەداتە گیانی یەکتر، تەنیا دەیەوێ شتێکی شاراوە ئاشکرا بکات، کە پێچەوانەی هەموو بۆچوونەکان بێت.

وەک باسمان کرد ئایدۆلۆژیا دەقەکان دەتەنێت لە ڕۆماندا، بە تایبەتی لە سەردەمی دوای جەنگی دووەمی جیهانییدا، حمید ئەلحمیدانی دەڵێت: «ئایدۆلۆژیا زاڵە بەسەر دەق، بەو مانایەی پێکهاتەی یەکەمە، لەبەر ئەوەی دەقی ڕۆمانی دروستنابێت، مەگەر ئەم پێکهاتەیەی تێدا نەبێت» «لحمیدانی: ١٩٩٠: ٢٦»، لێرەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە ڕوانینی ئەدیبان و نووسەران، جیاوازە لەگەڵ کۆمۆنیستەکان، کە ئەوان زیاتر ئایدۆلۆژیا دەخەنە خزمەتی دەق، بەڵام بەگشتی بە پێچەوانە بیر دەکاتە، کە ئەمەش ڕاسترە بۆ بەرهەمی ئەدەبی بەتایبەت ڕۆمان.

خوێنەر لە ڕوانگەی خۆیەوە دەڕوانێتە لێکدانەوەی ئایدۆلۆژیاکان، کە ڕۆماننووس نمایشی کردبوون ڕەتیدەکاتەوە، ئەمەش ئەوە ناگەیێ خوێنەر ئایدۆلۆژیای ڕۆماننووسی ڕەتکردبێتەوە، بەڵکو ڕۆماننووس ئایدۆلۆژیای شاراوەتری هەیە، جوڵەیان پێدەکات لە نێو ئەو ئایدۆلۆژیایانەی

کە ڕۆماننووس بە ئاشکرا نمایشی کردبوون لە نێو دەقەکاندا. وەک نمایشکردنی چەمکەکان بۆ نموونە (فیودالیزم)و فیودالیزمی نوێ، کە چینێکی ناو کۆمەڵگەن، شانازی بە پارە و پوول و دەسەڵاتی خۆیاندەکەن، لەسەر سیستەمی دەرەبەگی دەڕۆن، دەرەبەگ «بەو کەسە دەگوترا کە خاوەن سامانێکی گەورە بوو، ژمارەیەکی زۆر خزمەتکاری لەبەر دەستهەبوو، کاریاندەکرد لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی دەرەبەگەکاندا» «تۆفیق: ٢٠١٣: ٢٠١٦».

کۆمەڵگە لە نووسینیشدا وەکو بابەتی سەرەکیی ڕۆماننووس، وەک پێویست مامەڵەی لەگەڵدەکات کاتێکیش کۆمەڵگە ئامادەیی نەبێت، ئەوا نووسین بەرجەستە نییە بۆ کەشی نووسین، لێرەدا نووسین ناتوانێت بەرهەمێکی ناوازەی هەبێت، هەر بۆیە ڕۆماننووس بە ئاگاییەوە دەنووسێت. بۆیە نووسینیش خۆی دەگۆڕێ کاتێک کۆمەڵگەش پەیوەندیەکانی خۆی دەگۆڕێ، ئەگەر وا بکات بۆ ئەوە نانووسێت تا لە ناو بچێت، خوودی «دەق بەشێکە لە واقیع، یان ڕەنگدانەوەی واقیعە و هەندێ لایەنی واقیع دەخاتە سەرکاغەز، هەر چەند ڕەنگدانەوەکە لە ڕەسەنی خۆی نزیکبێتەوە ئەوا بەهاو و کاریگەریی گەورەییەکەی بە دیار دەکەوێ» «وهاب: ٢٠١٧: ١٠٥».

ڕۆماننووس تەنیا واقیع لە نێو دەقەکاندا ناگوازێتەوە، یان پیشەکەی وێنەگرێکی فۆتۆگرافی نییە بۆ گواستنەوەی ڕووداوەکان، بەڵکو هەست و درکپێکردنەکانی جوڵە دەکەن لە ناو دەقەکاندا و «ئەزموونی ژیان کردن بەرهەمەندەکانی دەروونی و کۆمەڵایەتیی و ئایدۆلۆژیی، کە هەموو ئایدۆلۆژیەکانی ناو کۆمەڵگە و سەردەمەکەی ڕەنگدەداتەوە لە زەینی و ئەوانەشی لەگەڵیشی دەژین» «تقار: ٢٠١٨: ١١»، ڕۆماننووس بەدەر نییە لە گواستنەوەی هەستەکانی بۆ ناو دەق، بۆیە ناکرێت دەقەکانی ڕۆمان خاڵیبن لە بیرکردنەوەکانی کۆمەڵگە و ژینگەی بیرکردنەوەکانی ڕۆماننووس.

لە ناو نووسیندا هەمیشە ئایین و سیاسەت ئامادەیی هەبووە، هەر بەئەوانیش(ئایین و سیاسەت) بۆیەکراوە، سەرەڕای پاراستنی هێڵی جوداکاری خۆی، وەکو ئەدەبی جوانکاریی لەگەڵ سیاسەت و ئایین، هەرچەند توخم و جۆرەکانی بگۆڕێن، بەڵام ناکرێت ژێدەری سەرەکیی خۆی لابدات، کە لەسەری بونیادنراوە پێویستە «ئایدۆلۆژیا پەیامە ڕاستگۆییەکەی بێ کاریگەری لەسەر بوونی دەمارگیریی وەکو هەر پەیوەندییەکی زمانی لەناو دەقدا نوێنەرایەتی ناوەڕۆکەکەی بکات» «خرفي: ٢٠١٣: ١٤٤»، نەک بکەوێتە دوای کاریگەری ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو، پێویستە ڕۆماننووس نوێنەرایەتیی دەقەکانبکات، نەک ئاین و هزر بخاتە مەزادخانەیەک و پروپاگەندەی بۆ بکات، چونکە ڕۆمان بۆ داهێنان دروستبووە، ئەو بەشەی ژیان دابڕێژێتەوە بە پێی پێوەری هونەری داهێنان.

## بەشی دووەم :

## یەکەم : ئایدۆلۆژیای کاراکتەرەکان

ڕۆمان توخمێکی ئەدەبییە، یەکەم کار بیکات وێناکردنی بە ئاگایی کۆمەڵگەیە، ململانێیەکانی ناو ڕۆمان بە شێوازی تایبەتیی، بە ئاگایی کۆمەڵگە دەردەخات و ڕادەی تێگەیشتنی خەڵکەکە و بە ئاگاییان لە ڕۆماندا پیشاندەدات، بەوەی کە ڕۆمان «شوێنی کۆکەرەوەی ئایدۆلۆژیاکانە یان توخمێکی ئایدۆلۆژیای ململانێی چینەکانی کۆمەڵگەیە» «بلحسن: ١٩٨٥: ١٦٩»، خودی مرۆڤ خۆی ڕووداوەکانی بەسەردێت و هەر خۆشی دەبێتە بەرەیەکی جیاواز بەهەڵگری بیرێکی جیاواز بەرپرسە لەسەر دیاریکردنی ناسنامەی خۆی، هەر ئەوەیە وا دەکات ئایدۆلۆژیا گشتگیر و زاڵبێت لە زۆربەی کایەکانی ژیان.

کارەکتەر توخمێکە لەگەڵ کۆمەڵگە و دەوروبەریدا، بەرزونزمی لێرودەدات، بە ڕێژەی خۆی پەستانی کۆمەڵگە کاریتێدەکات، چونکە کۆمەڵگە چەسپیو نییە بەردەوام لە گۆڕانکارییدایە و پێشدەکەوێت و تووشی گرفتدەبێت و مامەڵە لەگەڵ دژەکاندەکات، تاکو دۆخەکە تێپەڕێنێت. بوونی دەنگی جیاواز و ئایدۆلۆژیای جیاواز لە ناو ڕۆماندا، ئەوا ڕۆشنبیری جیاواز ئاڵوگۆڕ دەکرێت لە ناو کۆمەڵگەدا. لە ئەنجامدا بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە پێشدەخات. «ئەگەر بۆچوونی جیاواز هەبوو لەسەر ئاستی ئایدۆلۆژی لە ناو ڕۆماندا، بۆماندەردەکەوێت ڕۆمان گوزارشت لە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتیی و کێشەکانی دەکات، ئەم ناوەڕۆکەیەش جوانکاریی هونەریە نەک بۆچوونی ئایدۆلۆژی» «العید:

١٩٩٩: ١٢٢».

ڕۆماننووس ڕۆڵ بۆ کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان دابەشدەکات، زانیاری لەسەر زاری کارەکتەرێک دەگێڕێتەوە ئەویش (سالاری کوڕی سەرفراز خان)ە، هەندێک جاریش زانیارییەکان ڕادەگرێت و ڕۆماننووس دێت لەسەر زاری کارەکتەرێکیترەوە هەواڵ و ڕووداوەکان بە خوێنەر دەگەیێ، ئەمەش هونەرێکە تاکو هەموو توخم و پێکهاتەکانیتری ناو ڕۆمان بەیەکەوە ببەستێتەوە و بەرەو پێشیان ببات. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا نەهاتووە دیالۆگی کارەکتەرەکان بوەستێنێ و کێشەی دەرەوەی ڕۆمانەکە باسبکات یان وەسفی شوێنەکە و لایەنی دەروونی و ژیانی ڕابردووی دەرەوەی ڕووداوەکان بکات، کە پەیوەندی نەبێت بە پێشکەشکردنی ئایدۆلۆژیا.

کارەکتەرەکان:

جەمشید خان: دیارنییە کەی هەڵگری بیری کۆمۆنیست بوو، لە تەمەنی (١٦-١٧) ساڵان کوڕێکی خریلانە، کەمێك مەیلی بەلای قەڵەویدابوو، دوای زندانی کردنی لەلایەن بەعسەوە، کێشی بە جۆرێک دابەزی کە هاوشێوەی نەبوو، هۆکاری کۆمۆنیست بوونیشی بۆ ئەوە نەبووە، کە عەودالی یەکسانی کۆمەڵایەتیی یان ئازادیی بێ، بەڵکو حەزیدەکرد بەربەستی بەردەم ئازادی هەڵگیرێ، بۆئەوەی لەگەڵ ئافرەتاندا ڕابوێرێ. ئەو بەر لە گرتنی؛ قوتابی ئامادەیی کشتوکاڵ بوو، زیندان هیچی لە لوتبەرزیی دانەبەزاند بەڵکو خراپتر ببوو، پاڵەوانی سەرەکیی ڕووداوەکانە، بەو مانایەی کە ڕووداوەکان بەسەر ئەوداهاتوون، خودی ڕۆمانەکە بەناوی ئەوکراوە، چەمک و ئایدیاکان زۆربەی خودی خۆی، یان خاوەنییەتی، یان لە ئەنجامی جوڵانەوە بەردەوامەکانییەتی لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا پیشاندەدرێت.

ئایدۆلۆژیا گۆڕاوەکانی پاڵەوانی ڕۆمان، لەگەڵ سەردەم و بارودۆخدا گۆڕانکاریی بەردەوامی هەیە، ئامادەبوونی پاڵەوان و ئەو بەسەرهاتانەی هاتوونەتە سەر ڕێگای، ئەو ئامادەییە نییە خۆی بە ویستی خۆی جوڵە بکات وەک پاڵەوانێک، بەڵکو هەمیشە قەدەر و ڕۆژگار ڕێڕەوی ژیانیان پێگۆڕیووە.

بیروڕاکانی جەمشیدخان:

سەیرکردنی مرۆڤ بۆ خودا وەک مەخلوقێک کە لەسەرەوە بۆ خوارەوە دەڕوانێت، لە بڵندیەوە ئادەمیزادان دەبینێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێک مرۆڤ توانیویەتی بفڕێت. سوودی لە یاساکانی داروینەوە وەرگرتووە، کە ئەگەر مانەوە بۆ باشترین و بەهێزترین بێت، ئەوا مرۆڤ بەراورد بەو دڕندە بەهێز و بێڕەحمانەی لەناو سروشتدابوو، گەر باڵی نەبوایە ئەوا هیچ کات باشتر و بەهێزتر نەبووە، تا بەردەوامبێت لە ژیانکردن. بەڵگەی سێهەمی خۆی بوو، کە فڕینەکەی بەڵگەیەکی زیندووە بۆ ئەسڵی باڵداری مرۆڤ، لەگەڵ هەبوونی هەموو ئەو بیرۆکانە نەیتوانی لە تیۆرەکەیدا بچێتەپێش لەبەر نەزانینی (زمانی ئینگلیزی)ەکەی.

تەواوی ژیانی جەمشیدخان، یان ناوەندی ملکەچ بوونە، یان ڕاکشاوە بۆ ناسنامەیەکی نادیار و خەیاڵی، کە لە تەواوی تەمەنی خۆی مەحکومی بیرکردنەوەی کەسانی دەورو بەری خۆی و کۆمەڵگە و دەسەڵاتبووە، هەر یەک بە ئارەزووی خۆی پەتی بەختی درێژ و کورت کردووە، سودی لە تواناکانی وەرگرتووە، ڕەنگە هاوشێوەی نەبووە لە کێشی لەش، بەڵام هەمیشە بایەک هەبووە بڵندی بکات و بیدا بە زەویدا.

(د. تەها وادی) لەبارەی پاڵەوانی ڕووداوی سیاسییەوە دەڵێت: دوو جۆر پاڵەوان بەدیدەکرێت، پاڵەوان و دژە پاڵەوان، «پاڵەوان کەسێکی چاک و پابەندە، دەگەڕێت بە دوای بەها و خۆشەویستی خاوێن. ڕۆڵی سەرەکیی هەیە و پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات لە ڕۆمانەکەدا... » «وادي: ٢٠٠٢: ١٨» ڕۆماننووس ڕۆڵ و پانتاییەکی فراوانی داوەتە (جەمشید خان) تاکو جوڵە بکات و لە هەموو جوڵەکانیدا لە ڕووداوە جیاوازەکاندا قسەی جیاوازی هەیە و بیر و باوەڕەکانی ڕادەگەینێت، هەر جارێکیش ڕووداوێکی فڕین و کەوتن بەسەر ژیانی دابێت، بیروڕاکانی گۆڕانکاریی بەسەردادێت.

(جەمشید خان) ڕۆڵی کارەکتەری خێری بینیووە بەو دابەشکردنەی (د.تەها وادی) دەیکات «پاڵەوانی خێر یان ئەرێنییە، کە بەرگریدەکات و تێدەکۆشێ، یان نەرێنییە، ئازار دەکێشێ بێ ڕووبەڕوو بوونەوە» «وادي: ٢٠٠٢: ١٩» ڕۆڵی جەمشیدخان ئەرێنیی بوو بەرگری کرد و تێکۆشا بۆ بەدەست خستنی ئەو بیرۆکانەی کە مێشکی دابوو، کە چەندین جار لێدان و ڕاوەدوونان و خۆشاردنەوەی دیوە هەموو ڕووداوەکانی ئەم

پانتاییە جوگرافیایەی باشوری کوردستان و سنوورەکانی عێراق و ئێرانی بە چاوی خۆی وەک مێژوو تۆمارکردووە و خودی خۆی ڕاستەوخۆ بەشداریکردووە لە شەر و ئالۆزییەکانی ناوچەکە دا. لە کۆتایی تەمەنی بێگومان دەکاتە کۆتایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، کە کۆتا فڕینە... ئیدی وەستا لە تێکۆشان و لە هەندەران گیرسایەوە. لە نامەکانی کە بۆ (سالار)ی یاریدەدەری ناردووە حاڵ و گوزەرانی باشە ئێرە وەکو ئەو نەتەوانەی لای ئێوە نییە ڕێز لە مرۆڤ نەگرن، بە نیاز بوو (سالار) بباتە لای خۆی «بلیتێکی سەفەرم بۆ دەکڕێت و دەینێرێت، تا لەو وڵاتە دوور و لەناو ئەو نەتەوانەدا کە ڕێزی لێدەگرن ببم بە میوانی» «عەلی: ٢٠١٨: ١٧٨»

سالار: هەر خۆی گێڕەرەوەیە و هەر خۆشی باسی خۆیدەکا، کە کوڕێکی پانزە ساڵان لەدوای فڕینی یەکەمی جەمشیدخان و دابەزینە سەر زەوی، یاوەری (جەمشیدخان)یکردووە، وەک کارەکتەرێکی یاریدەدەری پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمان دەرکەوتووە و برازایەتی، وەسف و خورەوشتەکانی لە ڕێگەی ئەوەوە دەگاتە خوێنەر. لەناو خزم و کەس و کاریدا بە بێکەلک لەقەڵەم دەدرا، ماوەی دوو ساڵ لەسەر یەک لە پۆلی یەکی ناوەندی دەرنەدەچوو، تەمەنی گەنجیی لەگەڵ (جەمشید) بەسەر بردووە، تا سیمای پیری لێبەدەردەکەوێ تاکو دواساتی دەستلێکبەردانیشی، بە شێوەیەکی تراژیدی ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، حەزی زۆری بۆ ژیان هەبوو... ڕۆماننووس بۆ ئەوەی گەیاندنی ڕووداوەکان و ئایدۆلۆژیا و بیرکردنەوەی جیاواز لە سەردەمی مێژوویی دیاریکراو بگەیێنێتە خوێنەر، دێت ناخی کارەکتەرێک بەتاڵ دەکاتەوە بەرانبەر ژیانکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیی و هونەرێکیشە بۆ ئەوەی تەواوی ڕووداوەکان تەنیا لەسەر پاڵەوانی سەرەکیی نەبێت ئەم کارانە دەکات. ڕۆماننووس دیالۆگێکی توند لە نێوان (سالاو جەمشید خان)مان پیشاندەدات، کە سالار نەخوێندەوارە ناتوانێت بێتە ژووری ڕۆژنامەنووسەکان ڕێگری لێدەکرا لە لایەن (جەمشید خان)ەوە«من بۆ ئەوەی پتر تورەبیکەم گوتم: ئەو کورسیەی کە ئێمە لەسەری دادەنیشین و دارتاشێکی نەخوێندەوار دروستیکردوە، هونەری لە هەموو ئەو ڕۆژنامانە زیاتر تێدایە کە لەسەر کورسییەکە دەیخوێننەوە»» «عەلی: ٢٠١٨: ١٤٥».

ڕۆماننووس کردەوە و نهێنییەکانی بەڕێوەبردنی وڵات و کردەوەی حزبەکان لەسەر زاری (سالار) ئاشکرا دەکات، کە خۆی گەیاندۆتە هەندێک فایلی نهێنی وڵات لای ڕۆژنامەنووسان کۆکرابوویەوە ئەویش دۆسیەکەی بە وردی خوێندەوە دەڵێت: «فایلی دەیان چیرۆکی سەیر و نهێنی و ترسناک کە پێدەچوو ئاشانسەکەی جەمشیدخان ئیشیان لەسەر بکات. چیرۆکی «س. خالید» ناوێک کە حزب ڕایسپاردبوو دەوڵەمەندێک بکوژێت، بێئەوەی بهێڵێت وەک کوشتن دەربکەوێت. چیرۆکی نەرمین خانێک کە لەڕێگەی برایەکی ئەوەوە پارەیەکی زۆر ڕەوانەی بانکێکی بەلجیکا کرابوو. چیرۆکی دوو سیاسیی گەورە کە لەسەردەمی شۆڕشدا کاری سیخوڕییان بۆ بەعسیەکان کردبوو... دۆسیەی ئەو پارانەی کە سەرنوسەری ڕۆژنامەیەکی ئەهلی لە ژێرەوە لە دەزگایەکی نهێنی حیزبی وەردەگرت بۆ ئەوەی هەندێک ناوی دیاریکراو لەکەدار بکات» «عەلی: ٢٠١٨: ١٥٢-١٥٣» ئەمانەی سەرەوە پیشاندانی کردەوەی سیاسیی و حیزبی و ڕۆژنامەوانن کە لەم وڵاتە کاردەکەن و کارناکەن بۆ سەرخستنی ئایدۆلۆژیا لە وڵاتدا، بەڵکو بەرژەوەندیی لەسەرەوەی هەموو هاوکێشەکان و ئایدۆلۆژیاکانە. لە ڕوویەکی ترەوە پاکی (جەمشیدخان) پیشاندەدات کە ناتوانێت لەگەڵ ئەم لاریانە هەڵبکات و بەردەوامبێت لەسەر کارێک، کە بۆگەن کراوە بە بەرژەوەندیی تەسک، هەر بۆیەشە هەمیشە دەستی بۆ هەر کارێک دەبرد بۆ ماوەیەک کورت وازی لێدەهێنا.

سمایل: سمایل ئەدیب خان کوڕی حیسام خانە، باوکی برا گەورەی جەمشیدخانە، کوڕێکی گەنجی پانزە ساڵان برازای جەمشیدخانە، بە کارەکتەرێکی لاوەکی هەژمار دەکرێ، ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەبووە لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، بەڵکو یارمەتی پاڵەوانی ڕووداوەکانی داوە، خۆی و سالار دوو گەنجی بێکەڵکی ناو خێڵەکەیان بوون، باوکی تەکبیری هاوەڵی کردنی جەمشید خانی بۆ داڕشتبوو. ئەگەرچی (سمایل) بێکەڵک بوو، بەڵام گۆڕانکاریی لە کارەکتەرەکەی لە ڕووی زانیاری ڕوویدا. (سالار)ی گێڕەرەوە دەڵێت: «سمایل تۆ دەزانیت من و تۆ هاوڕێ بووین؟ ئێستا تۆ بیت بە ڕۆژنامەنوسێکی ناسراو من هیچ نیم... من قەتیش نابم بە هیچ» «عەلی: ٢٠١٨: ١٥١» لێرەدا پێویستە باسی جۆری کارەکتەری ڕووداوەکان بکەین لە گۆڕانکاری د. داود غەتاشە دەڵێت: «کارەکتەری چەسپاو، ڕووداوەکان کاری تێناکەن و توانای گەشەکردنی نییە، بەڵام کارەکتەری پەرەسێن، چەندین هەڵوێست و کاروکردەوەی تازەی لێدیار دەکەوێت و پەرە دەسێنێت» «غطاشة: ٢٠٠٠: ١٢٦» لێرەدا (سمایل) گەشەی کردووە لە خزمەتکاریکردن بۆ یاریدەدەر یان هاوکاریکردنی پاڵەوان، ئەگەر چی ڕووداوەکان لەسەر زمانی (سالار)ەوە

دەگەیشتە خوێنەر، بەڵام هەندێک نهێنی هەبوو وەکو کاری ڕۆژنامەوانی کە (سمایل) زیاتر زانیاری لەلا بوو بە بەراورد لەگەل (سالار)دا، ئەمەش بۆ ئەوەیە جولە بە کارەکتەرەکان بکرێت و هونەری گەشەکردن بداتە کارەکتەرەکان بۆ ئەوەی ڕۆمانێکی چەقبەستوو نەبێت تاکو کۆتایی. دواتر کاری پاڵەوان چی بێت وا پێویست دەکات یاریدەدەرانی نزیکبن لێی.

## بەشی دووەم:

### تەوەری دووەم: ئایدۆلۆژیای دەق

ڕۆمانەکە ناونیشانی (جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد)، کتومت بە دروستی پێکاوە، ناونیشان ئاماژەیەکە لە کێشەی هەمیشەی کورد، کە کێشەی هەمیشەییە لە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمان، هەر بۆیە زەقکردنەوەی ناونیشان مەبەستدارە لە لای ڕۆماننووس، چونکە «ناونیشان خوێنەر ئاراستەدەکات، بەو مانایەی کە ناونیشان بونیادی دەقە» «خرفي: ٢٠١٣: ١٤٧»، بە ناونیشان کلیلی مەبەستەکانی ڕۆماننووس، دەتوانرێت دەرگەکانی ڕۆمان بکرێتەوە «ناڤونیشان وەکو ئێکەم کلیلا دەستبەکاربوونێ دهێتە هژمارتن» «دەشتی: ٢٠١٠: ٩»، ڕۆماننووس وەکو دەستپێک؛ هات ناوی پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانی لەگەڵ هێزە سەرەکییەکەی کە هەمیشە (با)یە ئاراستەی ڕەوڕەوەی ژیانی دەگۆڕێ بۆ کارێک کە پێشتر خۆی بۆ ئامادە نەکردووە، ئەمە وەک قەدەری میللەتی کورد، کە قەدری لە ناکاوی بێ خۆ ئامادەکردن ڕووبەڕوو دەبێتەوە، جەمشید لە یاداشتەکانی خۆی دەنووسێت «پیاوێک وەک سیلیفۆنێکی شەفاف کە بە جۆرێک ئاوی و ڕوونە شتەکان لەودیوییەوە دیارن... بەڵام پیر، ماندو... بێ یادەوەری و بێ هیچ شتێک، مەخلوقێک مەحکوم بە وەی هەموو جارێک لە سەرەتاوە دروست دەبێتەوە» «علي: ٢٠١٨: ١٣٦»، بێگومان بە لە دەستدانی بەشێک لە دەستکەوتەکانی، یان هەمووی بە ناچاری لە سفرەوە بونیادی ژیان دەنرێتەوە، قەدەری کورد وابووە هەمیشە ماڵی لەسەر پشتی وڵاخ بووە و ماڵ و حاڵی تێکچووە دووبارە و سێبارە هەوڵی بونیادنانەوەی داوە.

لە ڕۆماندا پەیوەندیەکی دوو لایەنە هەیە لە نێوان هونەری نووسین و ئایدۆلۆژیا کردندا، ئەگەر لەیەک ڕوانگەوە تیشک بخرێتە سەر ڕۆمان، ئەوا وشک و کێماسی لەو ڕۆماندا بەرچاو دەکەوێت، ئەو کێماسیەش گرنگیینەدانە بە پیشاندانی ڕاستەوخۆی ئایدۆلۆژیای (سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتیی...هتد)، ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم، کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد)، خۆی لەم بارووددۆخە چەق بەستووە بە دوورگرت، وایکرد تەکنیکی جوانکاریی کەرستەکانی پێشکەشکردنی ئایدۆلۆژیا لەسەر حیسابی سیاسەت پێشکەشکردن نەبێت، واتە نەبێتە ڕۆمانێکی ئایدۆلۆژی، بەڵکو ئایدۆلۆژیا لە نێو دەقەکاندا دەربکەوێ، ئایدۆلۆژیاکان ڕوون نەکاتەوە، چاوێکی لەسەر دادگای ڕەخنگرانە بووە لە ئامرازی هێما دەرخستن و شاراوەدا، کە هەر یەکێک لە هێما و ئاراستەکان تایبەتمەندیان هەیە و بۆ دیاری کردنی ڕەفتاری کارەکتەرەکان لە کاتی بوونی جەنگ یان کێشەی خوێنداری یان دۆخی ئاینی... هەمیشە مرۆڤ بەرانبەر ئەو هێزانە ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە ڕۆماننووس ئەو هێزەی بە بایەکی بەهێز ناوی بردووە، جەمشیدخان بڵند و نەوی دەکا، ئەم توانایە بە شێوەیەکی ئەدەبیی و هونەری داهێنەرانە بە ئەنجام گەیاند.

ئامانج لە ڕۆمانی جەمشیدخان: نووسین و بانگ ڕاهێشتن نییە بۆ نووسینێکی سیاسیی، بەڵکو دەیەوێت دیدگای سیاسیی زاڵبکات لە گوزارشت کردنیدا، ئەو ڕۆمانە هەڵقوڵاوی ژێدەرێکی ئایدۆلۆژییە، کە بونیادنراوە لە سەر ڕەوشت و دەروونی خەفەکراوی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کە پێشهاتی خێرا ڕوودەدات ناهێڵێت ببێتە ڕەفتاری هەمیشەیی تاکەکان و هەمیشە کارەکتەرەکان بە تەوژمێکی بیری نوێ ڕەفتاریاندەگۆڕێت، وەکو گۆڕینی پیشە و ڕەفتاری جەمشیدخان بەگۆڕانی بیرو ئایدۆلۆژیای لە وێستگەکانی ژیانیدا، ڕەخنەگرتن لە کۆتایی پەڕەکانی ڕۆمانەکەدا بە لێشاو خۆی نمایشدەکات، تەنانەت قسەکانی کارەکتەرەکانیش وەک پێشووتر نابینرێن، گێڕەرە دەڵێت: «گوتیشم سەردەمێکدێت کە چۆن مرۆڤایەتیی خۆی لە هێزی فیرعەونە کۆنەکان ئازاد کردووە، خۆشی لە هێزی ئەمجۆرە فیرعەونانە دەتەکێنێت و هەمووتان وەک قەساب و مرۆڤکوژ و بێویژدان دەچنە مێژووەوە» «علي: ٢٠١٨: ١٥٧»، ئەمە ڕەخنەیەکی تیژە، هەمیش پەیامێکە

ڕاستەوخۆیان بە بەکارهێنانی هەموو(تان) کە مەبەستی دەسەڵاتدارانی ئێستاییە. (جەمشید) لە چەند شوێنێکەوە بە قەدەر گوزارشتی لە سەربووردەکانی تەمەنی دەکرد، هەر بەناو کۆمۆنیست بوو، ئازادیشی بۆ گەیشتن بە ژنان بوو، بەڵام ئەویش لەدواساتەکانی تەمەنی زمانی ڕەخنە و ئاراستەکانی دەگۆڕێن دەڵێت: «لەهەر جێگایەکی دیکەشدا بکەوتبمایە خوارێ، هەر وەکو یەک بوو، لەم نیشتیمانەدا مرۆڤ لەهەر جێگایەکی ئاسمانەوە بەربیێتەوە، هەر دەکەوێتە ناو موڵکی مەسئولێکەوە» «علی: ٢٠١٨: ١٦١»، جەمشید بازنەی ڕەخنەکانی گەورەتردەبێ دەپەڕێتەوە سەر دەستەڵات و دەڵێ: «من تا ئەوکاتە ئاسوودەبووم، کە حوکومڕانانی ئێرە منیان نەدەناسی، ئێستا تا پیر دەبم وازم لێناهێنن و دەمخەنە قەفەزەوە و وەک مەیموون یاریم پێدەکەن» «علی: ٢٠١٨: ١٧٣»، دەسەڵاتی سیاسیی (جەمشید خان)یان بە مەیمونە باڵدارەکە دەناسیەوە «ئەندامانی بیرۆی سیاسیی حزبیش ناویان نابوو «مەیموونە بەرزەفڕەکەی نیشتیمان، کە وەک (بەگی هیجری) تەفسیریدەکرد، پەیوەندییەکی مەجازی لەگەڵ گوزارەی «هەڵۆ بەرزە فڕەکەی نیشتیمان» دا هەبووکە لە ساڵانی پێشوودا باو بووە» «علی: ٢٠١٨: ١٦٥»، نووسەر بۆ دەرخستنی چەمکی (نیو فیودالیزم) کە لەسەر هەردووک ئاستی ئابووری و سیاسیی ڕوودەدات، گرووپێک هەن خاوەنی کۆمەڵێک لە جومگە سەرەکییەکانی دەسەڵات و ئابوورین، وەک پۆست و سەرمایە... جەمشید کە زۆر لەناوبانگی و خودی خۆی ڕازی بوو، کەمتر سەیری خوارەوەی خۆیدەکرد، بەو مەبەستەی، کە پێگەی عەشایری و پارە و پولێکی زۆری بنەماڵەکەی لەبەر دەستبوو، سالار دەڵێت: «ئەو هەمیشە بەهانەیەکی هەبوو لە بڵندان و بە قێزەوە سەیری ئێمەی دەکرد» «علی: ٢٠١٨: ١٢»، سەرەتا نەیدەویست بە ناوە خێڵەکیەکەی بانگی بکەن، حەزی دەکرد بە (هاوڕێ جەمشید) بانگی بکەن، ئەمە ڕوونە کە بە ئایدۆلۆژیای کۆمۆنیستی کاریگەر بوو، پاشگری خێڵەکیی ڕەتدەکردەوە، بەڵام دوای فڕینی یەکەم تا کۆتایی فیودالیزم، لە یاداشتەکانی بە ئاشکرا دەبینرا «من جەمشید کوڕی حیسام خان... کە ئەسلم دەچێتەوە سەر میر شاهانی زەند» «علی: ٢٠١٨: ٤٣-٤٤»، ئەگەر چی ئەو ڕووداوانەی بەسەری داهاتن بە ڕێژەیەکی زۆر ئەو لەخۆ ڕازیبوونەی بیربردەوە، چونکە گروپێکی سیاسیی و ئابووریی پەیدابوون، کە کەمینەیەک بوونە خاوەنی زۆر شت و زۆرینەش بوونە خزمەتکار، هەمان شت بەسەر (جەمشید خان)دا هات، بووە بووکەڵەی دەستی بەرپرسان، شەوانە یاریان پێدەکرد و میوان و منداڵانیان پێ دڵخۆش دەکردن، لێرەدا پاڵەوان وەک تەماشاکەر دەڕوانێتە جوڵەکانی کاربەدەستان، ڕۆژگار جەمشید خانی دەسوڕاند نەک ویست و ئارەزووی خۆی.

ڕەخنەکانیش تەنیا دەسەڵاتداران ناگرێتەوە، بەڵکو ئاین و نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش دەگرێتەوە، (سالار) دەڵێت: «من جارێک گوتم لای ئێمە کەوچکێک لە نووسەری خراپ تێکەڵ بە کەوچکێک لە سیاسیی خراپ بکە و جوان ڕاپانوەشێنە و چەند کەوچکێک لە گیراوەی مەلای خراپیان تێکەڵاو بکە و تۆزێک لەگەڵ ئاودا بیانخەرە سەر ئاگر وبیانکوڵێنە، ئەوە ڕۆژنامەنووسی عەیارە بیستوچواری وڵاتی ئێمەی لێدەردەچێت» «علی: ٢٠١٨: ١٤٥-١٤٦».

کاتێکیش دین وەک عادەتێکی ڕۆژانەی لێبێت و ئایدۆلۆژیاش تەنیا لە نێو کایەی سیاسیی و دەزگاکاندا کاری پێبکرێت، هەمیشە لە کۆمەڵگە کاری پێناکرێت، لە کۆتاییدا فێڵ و درۆ سەردەکەوێت بەسەر ڕاستیی، کاتێک دوو لە سەربازانی فارس بۆ پاسەوانیکردنی جەمشیدخان تەرخانکرابوون تا ئاگایان لێبێت نەفڕێت، دوو کوڕی تەمبەڵ کە ئەگەر لە سوپا نەبن کەس لێیان ناپرسێت «ئەوان بە مامم دەڵێن: لەو ڕۆژانەدا کە ئەو جلی ئیمامەت دەپۆشیت و وەک سێبەری حوسەین یان ئیمام عەسکەری بەسەر سوپادا دەفڕیت، ئەوە گەنجانی مەزهەبدار وەها جۆشدەدات، ئیدی بە عیشقی کەربەلاوە خۆیان بە کێڵگەکانی میندا دەدەن و باکیان بە مردن نامێنێت» «علی: ٢٠١٨: ٥٣»، ئەمە باشترین فێڵ بوو کە دەزگا و سیستەمە سیاسیەکان خەڵک بە کوشت بدەن، هەر ئەو فێڵەش وای لە جەمشیدخانکرد بۆ جارێکی تر ڕابکات وەک هاووڵاتیەک لە دەست کاربەدەست و پەیڕەوانی ئایدۆلۆژی دەربازی ببێت.

ئایدۆلۆژیاش کاتێک دەبێتە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە دەستکەوتی مادی، لەم بارەشدا داهاتووی کۆمەڵگەش نادیار دەبێت هەمیشە گۆڕانکاریی بەسەر سیستەم و ئایدۆلۆژیاکان دادێت. سەردەمانێک جەمشید خان ئایدۆلۆژیای شیوعییەکانی هەڵگرتبوو، دواتر ئەو تەوژمە بایەی کە لەسەرەوە باسمانکرد، لێی دەدا و دەیکات بە مەلای ئاینی و دواتر بە جاسوس و دواتر بە قاچاچچی... جەنگەکان لەسەردەمی ئەودا گۆڕانکاری بنەڕەتییان بەسەردادێت، هەڵکردنی شەڕی عێراق-ئێران و پاشان ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)ی خەڵکی باشووری کوردستان، پاشان

شەڕی قات و قڕی و بێ پارەیی و ڕووتاندنەوەی منداڵی فەقیر، دواتر حەزە خەفەکراوەکانی سەردەمی گەنجیی لە پاڵ ئەرکەکەیدا، ئەمانە هەمووی سەرکەوتنی فێڵە بەسەر ڕاستییدا، کەمجار هەبووە لە وێستگەکانی ژیانی جەمشیدخان ئاڕاستەکان بەڕاستی ڕۆیشتبن، سەرەڕای تەوژمە سیاسییەکە، تەوژمە کۆمەڵایەتیەکەش هەمیشە پەتی بەختی جەمشید دەپچڕێنێت و ناهێڵت وچان بدات.

نووسەر لە ڕۆمانەکەدا باسی دوو گەنج دەکات، کە لە ترسی سەربازی ڕایانکردبوو، خزمێکیان هەبوو یارمەتی دوو هەڵاتووەکەی دەدا و کاریشی بۆ حکومەت دەکرد، «لە بنکەیەکی دیاریکراودا مانگانە زەخیرەی بۆ دەخستن و ئێمە بەشەو دەچووین دەماندا بە کۆڵماندا و بەرەو حەشارەکان سەرماندەخست» «عەلی: ٢٠١٨: ٦٦»، بێزاری خەڵکی عێراق و کودستانیش لە جەنگە یەک لەدوا یەکەکانی ناوچەکە وای لە خەڵکەکە کردبوو، بیر لە یارمەتیدانی یەکتر بکەنەوە، باکیان بە لە ناوچوونی دەسەڵاتی سیاسیی و سیستەمی حوکمڕانیی نەبێت، ئەوە خەڵکە باجی ئایدۆلۆژیای ئایینی و مەزهەبی و ناسیونالیزمی دەدەن و بە دەیان شار و گوند وێراندەبن.

کاتێکیش ڕۆماننووس خۆی دێت قسە لەسەر کارەکتەرەکان دەکات و نییەت و مەبەستەکانیان شیدەکاتەوە، دەرخەری ئەوەیە ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی ئایدۆلۆژییە، ئەوکاتانەی کە دۆخی ئایدۆلۆژی تازە دروستدەبن لە گۆڕانکارییە سیاسییەکان، کاتێکیش ململانێ تەواوبوو، نووسەر خۆی ئامادەگی دەبێت لە باسکردنی دەروونی کۆمەڵگە، کە هێشتا ئارام نییە، نزیکەی شەش مانگ لە دوورکەوتنەوەی ڕژێم لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان تێپەڕ دەبێ، بەڵام هێشتا خەڵک ترسی هەیە لە هاتنەوەی بەڵایەکی تر بەسەریاندا «جەمشید باوەڕی وەهابوو سەدام حوسەین و سێبەرەکانی، لە جەهەنەمیشەوە بێت دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی تۆڵەمان لێبکەنەوە» «عەلی: ٢٠١٨: ٧١»، قەیرانی فیکریی و تەوژمە چالاکەکانی سیاسییەکان، بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کۆمەڵگە، نووسەر لە ڕێگای کارەکتەرەکانی قسەدەکات، کە چۆن دەسەڵات ئایدۆلۆژیایەک دروستدەکات بۆ پاساو دروستکردن، گێڕەروەە باس لە بۆچوونەکانی جەمشید دەکات کە جەمشید وای گوتووە: «جاران تەنیا دیکتاتۆرە گەورەکانی وەک (ستالین و هیتلەر و مۆسۆلینی) دەیانتوانی شتی وابکەن، ئەوانەی سوپا و دەوڵەت و پۆلیسی نهێنیان هەبوو، ئێستا بەسە ماڵپەڕێکت هەبێت، بۆ ئەوەی ئەوە بکەیت، خەیاڵ و عەقڵی هەزاران کەس بەو جۆرە بجولێنیت کە دەتەوێت، ئەوکەسانەیان لە لا خۆشەویست بکەیت کە پێت خۆشە، وا بکەیت ڕقیان لەوە بێت کە تۆ مەبەستتە» «علی: ٢٠١٨: ١٥٦».

پیشاندانی خێر و خۆشەویستی لە کارەکتەری جەمشیدخان، کە لە هەموو تەمەنی بیری لێنەکردبوویەوە، ئەوا ئەمڕۆ جەمشید وا بەستەی خوویەکی نوێ بووە، ئەویش دژایەتییکردنی پیاو و حەزکردن بە ژن، نووسەر لەسەر زاری جەمشیدخان دەڵێت: «لە سیانزە ساڵی ڕابردوودا هەموو ژیانی بە هەموو چرکە شاد و ترسناکییەکانەوە لە ناو پیاواندا بردۆتە سەر، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئاراستەیەکی نوێ بدات بە زیندەگی و کاتی خۆی لەبۆ ژنان تەرخانبکات» «عەلی: ٢٠١٨: ٧٢»، جەمشید هەموو وێنەکانی لە ژوورەکەی لێکردەوە، «جگە لە وێنەکانی مارکس و ئەنگلز، کە چیدی بە دیوارەکان نەمابوو» «عەلی: ٢٠١٨: ٧٢)، دەرخستنی ئایدۆلۆژیای جەمشیدخان بە مانەوەی ئایدۆلۆژیای زاڵی کۆمۆنیستەکان بەسەر کۆمەڵگەی کوردی باشوور، لە سەردەمی ڕاپەڕین دەرخەری گۆشەنیگای نووسەرە، لە پیشاندانی فیکرەکان لەسەردەمە جیاوازەکاندا، کە تاکی کوردی هەر بەناو کۆمۆنیست بوون، لە ناوەڕۆکدا هەڵگری بیرکردنەوەیەکیتربوون، چونکە چەمشید چەندینجار بیرکردنەوەکانی خۆی گۆڕیوون، ئەمەش کارێگەریی تەوژمە فیکریەکانە، کە بەردەوام بەریەکەوتنیان هەیە لەگەڵ خوێنەر و گوێگران، کە ختۆکەی تازە و ئاراستەی نوێ بگرنەبەر، هەروەها نووسەر هاتووە نوێنەرایەتیی دەقی کردووە، نەهاتووە شرۆڤەی ئایدۆلۆژیایەک بکات، یان ڕوونکردنەوەی زۆر لەسەر ئایین و بیرەباوەڕەکان بدات، خۆی لەبیر بکات کە ئەو داهێنان دەکات، هەر بۆیە گۆڕانکاریە خێراکانی سیاسیی چ لە سەر عێراق و ناوچەکە، چ لەسەر ئاستی کارەکتەرەکان بە چەند دێڕێک، کە زۆرجار ناگاتە پەڕەیەك دەربازدەکات، مەگەر بە ئاماژە بگەڕێتەوە بۆ باسکردنی.

کە باسی شەڕ و کوشتاریشی دەکرد، قوڵ نەدەبوویەوە لە چۆنییەتی ڕوودانەکەی، بەڵکو ئامانجێکی گەورەتری هەبوو پیشانیبدات، ئەویش: «بیرکردنەوە، ئایدیا، بەرژەوەندیەکان «ئەو لە ئاسمانەوە چەندین شاری وێرانکراوی ئێرانی بینی، لەسەرەوەڕا دەیان هەزار لاشەی تێکەڵاوی سوپاکان کەوتنە بەردەمی، بە چاوی خۆی ئەو دڕندەیەتییەی بینی کە عێراقییەکان دەیاننواند» «علی: ٢٠١٨: ٤٠»، نووسەر کەمتر خۆی


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

لە قەرەی ئەو شرۆڤانە دەدا، کە هەموو کەس زانیاری هەبێت لە ڕوودانی، بەڵکو دیوە شاراوەکانی پشت سەرکەوتن و شکستەکانی زیاتر پیشاندەدات، پیشاندانی واقیعی سەردەمە جیاوازەکان ئەرکێکی ترە، پێویستە بیرکردنەوەکانی کۆمەڵگەکە پیشانبدات، جەمشیدخان دەڵێت: «تا مرۆڤەکان بەم چەشنەی ئێستا غەمگینبن، بەردەوام هەوڵدەدەن لە وڵاتی خۆیان ڕابکەن، چونکە ئەوەی ئینسان پێیوایە دەتوانێت لە شوێنێکی تر بەختەوەر بێت، کەریەتییە کە لە باوە ئادەمەوە بۆمان ماوەتەوە» «علی: ٢٠١٨: ١٢٢».

لەبارەی بوونی ئایین لە ناو کۆمەڵگەی کوردییدا، جۆری بیرکردنەی خەڵک و چۆنییەتی سوود وەرگرتن لێ و کاریگەری بیرکردنەوەکان لەسەر ڕەفتارەکانی تاک، کە هەمیشە ئایین شەڕێکی سەخت لەگەڵ جۆری بیرکردنەوەکان دەکات: «ئایدۆلۆژیا دەیەوێت زانستەکان بخاتە خزمەتی خۆی، چەند هەنجەتێک لە بەرژەوەندیی خۆی دەدۆزێتەوە و هەندێک ئەنجامی زانستیی بە دیار دیاردەخات وەکو بەڵگە لەسەر دروستی کارەکانی، لێرەدا زانست لای ئەو پاساوێکە بۆ باوەڕەکەی» «باریۆن: ٢٠٠٦: ١٥»، ئەوەی جەمشیدخان دەیکات بۆ دۆزینەوەی بیردۆزێکی نوێیە، لەوەی کە مرۆڤ سەرەتا باڵی هەبووە و لاوازی جەستەشی وەکو پاساوێک دەخاتەڕوو، ڕێک سەلمێنەری ئەوەیە، کە ئایدۆلۆژیاکان پراکتیزەی کاریگەریی خۆیاندەکەن لەسەر زانست، پرسیاری زانستیی دەکەن، دواتر لە سۆنگەی گریمانەی چەق بەستوو گریمانەکانتان پیشاندەدەن.

ڕۆماننووس قسە لەسەر ڕابردوویەکی دوور دەکات، کە سەرچاوە ئایینییەکان قسەیان لەسەر کردووە ئەو دێت گوماندروست دەکات لەسەر ڕووداوەکان یاخود پرسیار دروستدەکات، ئەمەش پیشەی ڕۆماننووسە کە پرسیار و گوماندروست بکات بۆ ئەوەی خوێنەر بەدوای وڵامەکان بگەڕێت «جەمشید ڕای وابوو: ئێمە مەگەر بێدەماغێکی گەورەبین وا بزانین ئادەم لەداری ماریفەتی خواردوە، هەر سەیرکردنێکی ڕوکەشی حاڵی مرۆڤ ئەوە بەیاندەکات کە مرۆڤ هەرگیز دەمی بۆ میوەی ئەو دارە نەبردوە و هەمیشە و هەمیشەش لە تاریکییدا ژیاوە و هەر لە تاریکیدا دەژی» «عەلی: ٢٠١٨: ١٢٣» ڕۆماننووس قسە لەسەر ڕەهەندە ئایینییەکان دەکات و بەشێک لە ڕووداوەکانی تەرخانکردووە بۆ ئەم لایەنە، قسە لەسەر بڕوادارەکان دەکات کە بەبێ بیرکردنەوە ڕاستەوخۆ باوەڕ بە هەموو ڕووداوە ڕووکەشەکان دەکەن، بۆ نموونە (جەمشید خان) سەردەمانێک پڕوپاگەندەی لە ناو خەڵک بڵاوکردەوە کە لەکاتی فڕیندا خودای بینیووە، مزگەوتی (دوو گومەز)بووە، شوێنی خۆ ناساندنی وەک پیاوێکی وەلی؛ خەڵکیش زوو باوەڕیان پێکرد « جەمشید هەموو هەینییەک، دوای نوێژی جەماعەت دەچووە سەرێ و لە ئاسمانەوە گووتارێکی سەبارەت بە دیدارەکانی لەگەڵ باری تەعالادا دەخوێندەوە، لەوێوە (مەلا قاسم) چ چیرۆکێکی بۆ دانایە ئەوەی دەگێڕایەوە، لە چیرۆکەکانیدا باسی ئەوەی چۆن چووە بۆ مەلەکوت و پلەپلە لەگەڵ فریشتەکاندا» «عەلی: ٢٠١٨: ١٠٣» ئەم پیشاندانەی ڕەهەندی ئایینی (مەلا قاسمی گوڵشێران) و درۆکانی (جەمشید خان) بە ناوی ئایینەوە لایەک لە ئایین لای تاکی کورد پیشاندەدات و ناڕاستی قسەکانی هەندێک بەناو مەلا پیشاندەدات کە بەم شێوەیە بازاڕ بۆ خۆیان گەرمدەکەن، ئەگینا خودی (سمایل و سالار)یش ئەم ڕاستییەیان دەزانی کە ڕاست نییە، بەڵام مەلای مزگەوت بەکاری دەهێنا «مەلا لەوانەبوو کە دەیگووت لەم سەردەمەدا کە کوفر باڵادەستە و لە هەموو جیهاندا حوکم و حاکمیەتی گرتۆتە دەست، هەر هۆیەک ئیمان بەهێزبکات دەبێت بەکاریبهێنین» «عەلی: ٢٠١٨: ١٠٢-١٠٣».

لێرەدا مەلا قاسم بۆ دەستخستنی ڕۆڵ و پێگەی لەناو ناوەندی ئیمانداران هەموو شتێکی بەکار دەهێنا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس بە هەلیدەزانێت چەوت و لارییەکانی دەسەڵاتی کوردیی، کە ناتوانن خزمەتی خەڵک بکەن و کێشەی ژیانیان چارەسەر بکەن و لاوازی و نەخوێندەواری تاکی کورد پیشانبدات کە ساویلکەن و دەکەونە تەڵەی ئایدۆلۆژیاکان «مەلا (بەهەشت)ی وەک شارێک وێنادەکرد کە شەقامەکانی جوانن، کارەبا تێیدا ناکوژێتەوە، ئاو تێیدا نابڕێت، شتەکان تێیدا هەرزانن، لە هەموو سەر سوچێکدا پاقلاوەخانەیەکی خۆڕایی بەردەوام کراوەتەوە، ژنان جل لەبەر ناکەن و بەبێ حەبی مەنعیش بخۆن منداڵیان نابێت و سیاسەتیشی تێدا نییە. واتە شارێک بوو لە هەموو شتێکدا پێچەوانەی شاری ئێمە» « عەلی: ٢٠١٨: ١٠٣».

ڕۆماننووس لە دێڕی کۆتاییدا فرسەت دێنی ڕەخنە دەگرێت کە بەهەشت پێچەوانەی شارەکەیانە چ لە بیرکردنەوەی خەڵک چ وەکو خزمەتگوزاری. دواتر تیژتر ڕەخنە دەگرێت دەڵێت: «جارێک جەمشید خان لە هەوادا لیستێکی درێژی لە گیرفانی دەرهێنا و گووتی کە باری

تەعالا حەرامیکردوە پیاوان ئەم شتانە بکرن: جلی ژێرەوەی ژنان، حەبی ڕێگرتن لە سکپڕی، کەرستەی ئارایش، کامیرای ڤیدیۆ،.... پچن بۆ لای خەیاتی پیاو، سالۆنی قژبڕین بکەنەوە، خەیار بکڕن، یان بەتەنیا سواری تاکسی ببن» «عەلی: ٢٠١٨: ١٠٥» لە دەقەکەدا باسی ئەوە دەکات کە ئیمانداران بە توندی پابەند بوون بە ڕێنمایەکانی ئەم موعجیزە خودابیە، دواتر وەسفێکی (جەمشید خان) دەکات؛ کە ڕیشێکی بەردابوویەوە بۆ ئەوەی خەڵک باوەڕ بە قسەکانی بکەن «هەمیشە ڕیشە درێژەکەی بە شانە دادەهێنا و جبەیەکی ڕەشی لە خۆیەوە دەپێچا... » «عەلی: ٢٠١٨: ١٠٥».

دەقەکانی ڕۆمانە بە ئاوی سیاسەت نەرواوە، بەڵام هەڵچوون و گەرماوگەرمی ڕووداوەکان سیاسیین، بۆ دەرخستنی لایەنە سیاسییەکان و ڕەفتاریان، بێگومان لە ناو دەقێکی ئەدەبی و پاشان خەیاڵی و گوزەرکردنی ڕووداوەکان لە وێستگەی سیاسیی و پیشاندانی جۆری بیرکردنەوەکان لە زەمەنی دیاریکراودا وەک لۆمەکردنی بارودۆخی سەپێندراو بە دەستی سیاسییەکان، باجدانی میللەت، وەک بروسکە ئاسا ڕەخنە لە دەسەڵاتی سیاسی دەگرێت بابەتی گەرم دەوروژێنێ و دیاردە ناشیرینەکان زەق دەکاتەوە و تێبینی خۆی هەڵدەڕێژێ«جەمشید خان، گوتی: هەموو سیاسییەکان وەک سەگ و مەیمون سەیریان کردووە، ژن و منداڵەکانیشیان فێرکردووە هەروا تەماشایبکەن... کوڕ و کچی هەموو سیاسییەکان کە سبەینێ شوێنی باوکیان دەگرنەوە و ئەم مەملەکەتەیان بە وەرەسە بۆ دەمێنێتەوە» «عەلی: ٢٠١٨: ١٧٣».

لێرەدا دەبێت جیاوازی بکەین، ڕۆمانی سیاسیی مامەڵە لەگەڵ واقیعی سیاسەت دەکات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ ڕۆمانێک خەیاڵ بۆکراوی سیاسیی کە کاردەکات بۆ چالاککردنی تەکنیکی نیشانە و هێنانی کارەکتەری ئایینیی و کۆمەڵایەتیی بۆ ناو قەیرانی کۆمەڵگە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ قسە لەسەر دۆخەکان بکات.

## ئەنجام

لەم توێژینەوەینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. نەبوونی ئایدۆلۆژیای ڕوون لە نێو کۆمەڵگەی کوردییدا، یاخود دابەشبوونی بەسەر چەند ئایدۆلۆژیایەکی جیاوازدا، نەبوونی ئارامی سیاسیی، ئابووریی، کۆمەڵایەتیی هۆکاری نەهامەتییەکانن.

٢. بە گشتیی ڕمانێکی ئەدەبییە، بنەماکان و تایبەتمەندیەکانی لە دەستنەداوە، سەرەڕای هەموو جۆرەکانی ئایدۆلۆژیا لە ناو دەقەکاندا، بەڵام بۆ دەرخستنی بیرکردنەوەکانی تاکەکانی گۆمەڵگەیە لە ڕووی (ئاین و سیاسەت و دەسەڵات) .

٣. دەقەکانی ڕۆمانەکە دەردەخات کە (ئایدۆلۆژیای ڕۆمان) لە دەقەکان زاڵە، ڕۆماننووس ڕەسەنایەتیی ئەدەبی لە دەستنەداوە، تەنیا هاتووە بیکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی و نەتەوەی دەوروبەری دەرخستووە و خاڵە نەرێنییە فیکریەکانی خستۆتەڕوو.

٤. ڕەخنەگرتن لە سیستەمی سیاسیی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە لە عێراق و ئێران و کوردستانیش، هیچیان بەدەرنین لە ئایدۆلۆژیای ڕوون و ئامانجی ڕوون، تەنانەت ئاین وەک پاساو بۆ جێبەجێکردنی مەرامەکانیان بەکارهێناوە.

٥. ڕۆمانووس دەرفەتی تەواوی داوەتە کارەکتەرەکان، بۆ دەرخستنی زانیاریەکان، هەر لەو سەرچاوانە ئایدۆلۆژیا دەگاتە خوێنەر، نەک خودی ڕۆماننووس. ئەم هونەرەش بۆ ئەوەیە دەقەکان لەجیاتی ئایدۆلۆژیا بیرنەکەنەوە، بەڵکو وەکو دەرخستنی ئایدۆلۆژیای پێکهاتەکان خۆیان بنوێنن.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360

## سەرچاوەکان

**کوردی:**


١- علی، بەختیار (٢٠١٨)، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە، چاپی دووەم، سلێمانی.

٢- لۆکاچ، جۆرج (٢٠٠٧)، وشیاری چینایەتی، وەرگێڕ هادی محەمەدی، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم.


**عەرەبی:**


١- باختين، ميخائيل (١٩٨٨) ، الكلمة في الرواية، الترجمة: يوسف حلاق، ط ١، سورية.

٢-بلحسن، عمار(١٩٨٥)، ما قبل الكتابة حول الايديولوجيا/ الادب/ الرواية، فصول النقد الادبي ( الادب و الايديولوجيا)، جزء الثاني، المجلد الخامس، القاهرة، يوريو.

٣- التوسير، لوى (٢٠٠٦)، ماهي الايديولوجية، اعداد و الترجمة( محمد سبيلا و عبدالسلام بنعد العالي، الطبعة الثانية، دار توبتال للنشر، المغرب.

٤- الحمد، تركي (١٩٩٢) ، دراسات ايديولوجية في الحالة العربية، دار الطليعة للطباعة و النشر، طبعة الاولى.

٥-ريكور، بول (٢٠٠٢) ، محاضرات في الايديولوجيا و اليوتوبيا، تحرير و التقديم( جورج ه.تيلور)، ترجمة فلاح رحيم، دار الكتب الوطنية، طبعة الاولى، ليبيا.

٦-سبيلا، محمد و العالي، عبدالسلام بنعبد (٢٠٠٦) ، الايديولوجيا دفاتر الفلسفية، اعداد و الترجمة(، الطبعة الثانية، دار توبتال للنشر، المغرب.

٧- السديس، عبدالعزيز بن علي (١٩٩٨) ، التحضيز الايديولوجي في الفكر و التحليل الاقتصادي الغربي، جامعة الملك سعود، كلية العلوم الادارية، الرياض، النشر العلمي و المطابع.

٨-العروي، عبدالله (٢٠١٢) ، مفهوم الايديولوجيا، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء، المغرب، طبعة الثامنة.

٩-عويد، عدنان (٢٠٠٦) ، الايديولوجيا و الوعي المطابق، دار تكوين،ط١، دمشق.

١٠-العيد، يمنى (١٩٩٩)، تقنيات السرد الروائي في الضوء المنهج البنيوي، دار الفارابي، الطبعة الثانية، بيروت.

١١-غطاشة، داود (٢٠٠٠)، قضايا النقد العربي قديمها و حديثها، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان.

١٢- لحميداني، حميد (١٩٩٠) ، النقد الروائي و الايدولوجيا، سوسيولوجيا النص الروائي، المركز الثقافي العربي، طبعة الاولى، الدار البيضاء، بيروت.

١٣- مانهايم، كارل (١٩٨٠) ، الايديولوجيا و اليوتوبيا مقدمة في سوسيولوجيا المعرفة، ترجمة و التقديم الدكتور محمد رجا عبدالرحمن الديريني، شركة المكتبات الكويتية، الطبعة الاولى.

١٤-ناديه، ميشال (٢٠٠٦)، الايدولوجيا وثائق من اصول الفلسفية، ترجمة امنية رشيد/ سيد البحراوي، دار التنوير، بيروت.

١٥-وادي، طه (٢٠٠٢)، الرواية السياسية، الشركة المصرية العالمية للنشر- لونجمان، مصر.


-گۆڤارە کوردییەکان:


١-تۆفیق، سەروەت (٢٠١٣) ، زاراوە سیاسیەکان، ئایدیا والا گۆڤارێکی فکریە دوو مانگ جارێک دەردەچێت، ژمارە (٣٧)، سلێمانی.

٢-دەشتی، عوسمان (٢٠١٠)، بنەماکانی شیعریەت لە تێکستی (یادگار و هیوا)ی ئیبراهیم ئەحمەد دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە/١٦.


-گۆڤارە عەرەبییەکان:


١-بوالسليو، نبيل (٢٠١٤)، الايديولوجى في الرواية الجزائرية، الرواية الولي الطاهر يعود الى مقامه الزكي- نموذجا-، مجلة البحوث و

الدراسات الانسانية ، العدد ٠٨/.

٢-جابر، صبيح مزعل (٢٠١٧) ، الدلالات الايديولوجية و السياسية في خطاب الروائي (غائب طمعة فرحان و جهاد مجيد) انموذجا، مجلة كلية التربية، جامعة المستنسرية، العدد السادس.

٣-خرفي، محمد صالح (٢٠١٣) ، الديني و الايديولوجي في الرواية الجزائرية المعاصرة روايات الطاهر و طار انموذجا، مجلة قراءات، جامعة الخزائر، عدد الخامس.

٤-السعيد، عموري (٢٠١٣) ، الايديولوجيا الخطاب/ النص/ نحو المقاربة مفاهمية، جامعة بن الرحمان ميرة بجاية، مجلة الاثر، الجزائر، العدد الخامس عشر/جوان.

٥-فيلالى، صالح (٢٠١١)، المعالجة المنهجية للايديولوجيا من وجهه نظر مؤسسي علم الاجتماع، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الانسانية و الاجتماعية المجلد ٨، عدد ٢.

٦-كاظم، حسن محمد (٢٠١٩) ، البعد الايديولوجى في روايتي (ميرمار) و (خمسة اصوات)، مجلة كلية التربية الاساسية للعلوم التربوية و الانسانية، جامعة بابل، العدد/٤٣.

٧-وهاب، خالد (٢٠١٧)، واقع النص الروائي الجزائري و سؤال القراءة، مجلة دفاتر مخبر الشعرية الجزائرية، العدد الخامس.

**رسالة اكاديمية العربية:**

١- تقار، فوزية (٢٠١٧- ٢٠١٨)، اليديولوجيا و البنيى الفنية في اعمال»حبيب مونسي»، رسالة دكتوراه، جامعة محمد خضير سبكرة، جزائر.

٢-جلالية، طالبة سعيدة (٢٠١١-٢٠١٢) ، الايديولوجى و الحبالى دراسة تكوينية في روايتي « اليتيم» و «الفريق» لعبدالله العروي، رسالة ماجستير، جامعة العربي بن المهدي ام البوافي.

٣-عنكوش، وسيلة (٢٠١٦) ، البعد الايديولوجي في الرواية فتاوي زمن الموت للابراهيم سعدي، رسالة ماجستير، جامعة البويرة، كلية الاداب و اللغات.


(HUJ) P-ISSN: 2412-9607, e-ISSN: 2617-3360